کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
6-11-2007 23:24 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## دابەش بوونی ڕێکخراوی (چاک) لەبەرژەوەندی کێدایە؟؟ ... خاڵە حەمە

تروسکاییەک هەبوو کەبەدەستی ماندوی نەوەکانی کورد پرشەو پرووشەی دەروونە تاریکەکانی ڕووناک دەکردەوەو کوناوکون بەدوای جەللادەکانی ئەنفالدا دەگەڕا، خەریکە ئەوەش خامۆش دەبێ و دەکوژێتەوە.. دڵسۆزانێک کەبەتەنگ کێشەی نەتەوەکەی خۆیانەوە بوون و دوژمنانی کورد سڵێ لێ ئەکردنەوەو داگیرکارانی کوردوستان بە ڕۆح لێیان ئەترسان، خەریکن توانج و تاوان لە ڕامان و لەگفتارو لەکرداری یەکتر ئەدەن، خۆیان دەکەنە سوتەمەنی جەنگێک کە خوێنخوارانی کورد بە ملوێنەها دۆلاری بۆ تەرخان دەکەن و شایی و لۆغانی بۆ دەگێڕن، ئەم هەڤاڵانە کە دوژمنی سەرسەختی ئەنفالچی و دوژمنانی نەتەوەکەی خۆیان بوون بەشێوەیەکی نادروست دەستبرداری یەکتر ئەبن و هەریەکەیان کاسەئاردەکە لەسەری ئەویتریاندا ئەشکێنێ و کێشە سەرەکیەکەی کوردیان لە یاد ئەچێتەوە کە نەتەوەیەکی ستەمدیدەی خێرنەدیو چاوەڕوانیانە، کە ئەوەش وەک کۆستێکی گەورەترە لە دابەش بوون، بەڵێ لە بێ ئاگاییدا ڕیزە پۆڵایینەکانی خۆیان دەشکێنن و دوژمنانیش لەدورەوە وەک مەلای مەجبورە بەنگەخوێنەکەی بۆ کردوینەوە!!، ڕاستە کورد هەمیشە خۆی پشتی خوی شکاندوە، دەنا کەی چۆکی بۆڕۆژگارو دوژمن داداوە، شۆڕشە یەک لەدوا یەکەکانی ڕابردوو بەڵگەنامەی ئەو ڕاستیانەیە کەمێژووی پڕکردوە لەسەروەری، لەهەمانکاتدا کورد بەدەستی خۆی ماڵی خۆی وێران کردوە، دەنا کەی ماڵ وێران بووە، خۆی بۆتە خۆرەو جەستەی خۆی داڕزاندوە، دەنا کەی خاووخلیچک و کرمەڕێز بووە، من لام شەرم نییە کەلەمەودوا زۆر بەڕاشکاوانە بڵێم ئێمە لەگەورەکانمانەوە تا دەگاتە سەر هەرەبچکۆلەکانمان سەقەت بوین و دوژمن توانیویەتی درز بخاتە نێوان، نەک کارەکانمانەوە بەڵکوو درزی خستۆتە ناو ماڵەکانیشمانەوە، واتە بۆ داهاتوویەکی زۆر نزیک دوژمنەکانمان بەسێ قۆڵی ئەو ڕیگەیەشمان لێ ئەبەستن کەسەدان ساڵە هەوڵ و تەقەللاو خوێنی بۆئەدەین، ئەویش کورد بوونەو ڕۆژگاری کۆیلەییێتی و ملکەچی سەرهەڵدەداتەوە!! بەڵام کێ بەرپرسیار ئەبێت، کێ تاوانی دابەشبوونی نەتەوەی کورد ئەخاتە ئەستۆی خۆی؟، کێ ئەو نەفرەتە بەدرێژایی مێژوو ئەخاتە سەر شانی و وەک فیلەکەی خاوەن شکۆوی لێدێت؟، من نازانم خەڵک کاتێک هەڵدەستێت بەکارێک و دەیەوێت لە پێناو نەتەوەکەیدا خۆی ماندوو بکات، شان و شەوکەتی بۆ چییە لەوەزیاتر کە بە نەمری ناوئەبرێ، بۆ ئەیەوێت لەوڕێگە پیرۆزەوە دەستی بگاتە کورسییەک ولەپاڵیا دەسەلاّت ڕازی بکات، دەبێ چ لەززەتێک لەدەسلاّتدا بێت، بەتایبەتی لەکوردوستانا کەڕۆژانە بوونەتە بنێشتە خۆشەی سەرزمانی هەرچی ئەشێ و هەرچی ناشێ، ڕۆژانە سینەیان لێ ئەکوترێ و خەڵکی نارەزاییان لەدست دەرئەبڕن.. خۆ ئەگەر لەسەر شان و شەوکەت نییەو نانی چەوری دەسەلاّت لەخشتەی نە بردوون زۆر ئاسانە کە دز ترۆ بکرێت و ناویشی بەجۆرێک ببرێت تا لەژیانابێت چاوشۆڕی ئەنفال و جینۆسابیدی کورد بێت، لەناو هەموو نەتەوەکانی دنیادا ئەو چەپەڵییەی ئێمە باسی دەکەین و ناتوانین چارەسەری بۆ دابنێین هەیە، بەلاّم لە تەواوی دنیادا ئەو گەنگە پیاوانە سزائەدرێن، تەنها لەناو ئێمەی کوردا نەبێ مەدالیای سەرکەوتن ئەدەین لەیەخەیان، ئێستاش ئەمڕۆ لە سبەی باشترەو دەستێ چەپڵە لێ نادات هیچ لایەکتان بەتەنها کاری باش و گەورەتان پێناکرێت و ناتوانن ئەوئەرکە قەبەوگرانەی لە سەرشانتان داتاناوە تۆزقاڵێکی لێ جێ بەجێ بکەن، تاوانبارانی ئەم کۆستە بەسزا بگەیێنن و لەخۆتانیان دووربخەنەوە، هەرکەسێکیش دەنکە جۆیەکی خەڵکی هەژاری کوردی خواردبێ بە نوسراوێک فرێیان بدەنە زبڵدانی مێژووە تا ببنە پەندێکی بەسوود بۆ نەوەکانی داهاتومان، ئەوکارەنەکەن و ببنە هۆکاری هەڵوەشاندنەوەو پەرت بوونی ڕیزەکانی (چاک) ئێمە وەکوو کورد لە هیچ لایەکتان خۆش نابین چونکە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاّودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

تەنها تروسکاییەک شکبەرین ئێوەن و ڕازی نابین لەسەر شان و شەوکەتی خۆتان ماڵمان کاول بکەن، کێشەکەمان بەگورگانخواردوو بدەن و ئەنفال و جینۆساییدی ئەمنەتەوەیەش خەفەبکرێ..
بەیەکبوون جەلادەکانی کورد دەربازوقوتار نابن، چەندەپشت و پەنایان ئەستوربێت، بەیەکبوون بەردی بناغەی سەربەخۆیی دائەنرێت دوژمنانیش چۆک دائەدەن، خۆتان ماندووتر بکەن و بەردی بناغەی سەربەخۆیی نیشتمانەکەتان دابنێن، گەورەیی لەوکارەدایە کورسیت بۆچییە؟؟...
خاڵە حەمە/دانمارک/2007/11/5 ڤالبی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.